# پاسە شینەکە

هیوا قادر
یونی 2011

من سواری پاسە شینەکە ئەبم و
تۆ لەوبەری ئاوەکەوە بەجێدێڵم؛
زوو زوو ئاوڕ لە دواوە ئەدەمەوە،
جگە لە وێنەی تۆ لە چاوما
هیچ کەس نابینم.
پیرێژنەکەی پاڵم
دەستم ئەگرێت و ئەڵێت؛
وای کە چەندە عاشقیت،
ڕووناکی لە پێستەوە دێتە دەرێ.

کە پاسە شینەکە
لە ویستگەی شاخە بەهارە ئەوەستێت
وەک بەتریق لەسەر بەفرەکە ئەخزێت.
پیرێژنەکەی پاڵم، دەستم ئەگرێت و ئەڵێ؛ جارێ دانابەزم.
بەڵام من خەیاڵم پڕە لە تۆ،
کاتێک لەژێر دارهەنارەکەدا بەجێمهێشتیت
پێتووتم؛ کە هەنار گوڵی گرت چاوەڕێم بێییتەوە.
شوفێری پاسەکە ئەڵێت؛ ویستەگی داهاتوو...
دوورگەکانی عەشق.
من بە زەردەوە بە پیرێژنەکەی پاڵم ئەڵێم؛ ئەزانم لەوێش دانابەزیت.
ئەو ئەڵێت؛ جارێ زووە، زۆر زووە بۆ دابەزینی من.
من ئەڵێم؛ لەبیرم چۆتەوە بۆ کوێ ئەچم
ڕەنگە بچم دە نانی بە کونجی بکرم،
یان پارچەیەک سەهۆڵ،
یان هەرزن بۆ کەنارییەکانم،
من نازانم بۆچی هاتوومەتە دەرێ...
ئەو وەک لە خەودابێت و بەدەم خۆیەوە قسەبکات،
ئەڵێت؛ "باشی تەختە ئەوەیە کە ئەکوژێتەوە نەک ئەوەی کە دائەگیرسێت".
پاسە شینەکە ئەڕوات و ویستگەکان جێ دێڵێت.

لە ویستگەی هەرمێ گوڵاویی ناوەستێت،
چونکە کەس دەست بە زەنگی وەستاندا نانێت،
ویستگەی ئاوی شین،
ویستگەی چۆرێک شیر،
ویستکەی خاڵخاڵۆکەیەک بە سەر توێی ئاوەوە، بەجێدێڵین.
پاسە شینەکە لە ویستگەی قوتابخانەی قومری سەرباڵ شین،
پۆلێک منداڵی جانتا لە کۆڵ سوارئەکات،
پاسەکە پڕ ئەبێت لە عەجولی،
پیرێژنەکەی پاڵم بە قورگ و چاوی ساوایەکەوە خنە خن بەدەم خۆیەوە ئەتریقێتەوە،
چاوی منیش وەک شینی ئاسمانی سەر شوشەی پاسەکە
بەسەر ئەو دیمەنانەدا ئەڕوات و
سەیری دەستی خۆم ئەکەم کلیلی دەرگایەک لە مشتمایە!
من بە پیرێژنەکەی پاڵم ئەڵێم؛ ئەم کلیلە هی تۆ نییە؟
ئەو ئەڵێ؛ چ هاوسەفەرێکی سەیریت، هەرچ کەسە و کلیلی خۆی پێیە!
من ئەمەوێت پێی بڵێم ئەمە کوا وەڵامی ئەم پرسیارەی منە،
سەیری ئەکەم و کەچی ئەو
چاوی لەسەر چاوم لائەبات تا زیاتر لەوە تەریق نەبمەوە.
پاسە شینەکە لە پێچێکی باخچەی سەوسەن،
لە فولکەی کڵاوی کوڕە کەچەڵە ئەوەستێت،
سەرخۆشێک سەرئەکەوێت و پڕ بە هاڵاوی گەرووی سڵاوێک لە هەمووان ئەکات،
تەنها من وەڵامی ئەدەمەوە.
تێپەڕینی پاسێکی سوور بەلاماندا ئاوڕم پێ ئەداتەوە،
تۆ تەنها کەس بوویت لەو پاسەدا دانیشتبوویت و
لەهەڵمی شووشەی پەنجەرەکەت نووسیبوو، خۆشمەوێیت.
پیرێژنەکەی پاڵم، بەئەنیشکێک ئاگادارم ئەکاتەوە و پێم ئەڵێ؛
ئەوە من نەبووم، من لێرەم و ویستگەکەم زۆری ماوە تا ئەگاتە
ویستگەی کوڕیی گۆچان، تۆ قەت گەڕەکی با لەگەڵ خۆی ئەتبات بینیوە؟
من دێمەوە سەرخۆم، گۆچانەکەی خۆمم بیر ئەکەوێتەوە کە بەدەستمەوەیە،
تۆ وەک جاران لە پاڵمایت و بۆنی مێخەک و پسکیتت لێ دێت
من پێت ئەڵێم؛ زۆرمان ماوە بۆ سەر پردی لاولاو؟
تکایە لەوبەر ئاوەکە بیرم بخەرەوە،
تا لەو جێگایە دابەزم کە بەجێم هێشتیت.
کەس لە پاڵما نییە،
دەستکێشی تەڕی منداڵێک نەبێت لەسەر کورسییەکەی تەنیشتم بەجێماوە و

پڕە لە یادەوەری شەڕە تۆپەڵ.

شۆفێری پاسە شینەکە، پاسەکە ئەوەستێنێت و دێت بۆ لام،

پێم ئەڵێت؛ لەبیرت چۆتەوە لە کوێ دابەزیت؟

ئێرە دوا ویستگەیە.